# تکایە ئاخاوتنە هەڵەکان راستکەنەوە



**عەبدوڵلاٌ ئەحمەد گەرمکی**

**خورماتوو**

وەك دەزانرێت زمانی شیرینی کوردی لە زۆربەی روەکانەوە دەولەمەندە هەرچەندە زمانی یەکگرتووی کوردیمان نییە تا ئێستا لە کوردستانی گەورەدا بەلاٌم زمانەکەمان تایبەت مەندیەکی خۆی هەیە. گەلی کورد بەحوکمی ئەوەی بەدرێژای مێژوو بن دەست بوە هەربۆیە ژێر دەستەی چ ولاٌتێك بوایە زمانی ئەو ولاٌتە زیاتر کاریگەری هەبوە لەسەریان ئیدی ئەمەش زۆرجار بەزۆر بوە یانی خواستی تۆ نەبوە بەزمانی عەرەبی یان تورکی یان فارسی بخوێنی بەلاٌم مەجبوریان کردوین بۆ ئەوەی زمانی دایك لەبیرکەین و زمانی بێگانە بۆ خۆمان بە بناخەوەرگرین. لەئەوروپا کۆمەڵێ رێکخراوی کوردی هەڵسان بەوەی کە زمانێکی پاراوی کوردی یەکگرتوو دروستکەن کە چ کوردێك لە هەرپارچەیەکی کوردستان بێت بتوانێت ئەو نوسینە بخوێنێتەوە بەلاٌم پێم وابێ تا ئێستا نەیانتوانیوە هەنگاوی گەورە لەو بارەوە بهاوێژن، ئاشکرایە زمانی ئاخاوتنمان جیاوازە لەزمانی نوسینمان حەتمەن نوسین جیاواز دەبێت زۆر جار دەبینیت تەنیا لەنوسیندا بە کوردیەکی پەتیە شتەکان ئەهێننە زمان بەلاٌم زمانی ئاخاوتنمان چودایە. لە زاراوەی سۆرانیدا زۆر جار ئەبینی ووشەیەکی کوردی سۆرانیت لەدەست عاسی ئەبێت یان ئەسڵەن هەر نییە چا باشترە لەو کاتەدا ووشەی کرمانجی بەکاربێنین بەهەمان شێوە لەکرمانجیشدا بۆ ئەوەی ببنە تەواوکەری یەکتر بێشك لەوە پۆزەتیفترە کەتۆ زمانی عەرەبی یان تورکی یان فارسی تێکەڵ بەزمانی کوردی کەی. ئەمانەش بەهەمان شێوە لەرۆژهەلاٌتی کوردستان ئاخاوتنی فارسی بەزەقی بەدی ئەکرێت یانی زمانیان تێکەڵ بە فارس بوە لەباکوری کوردستانیش زمانیان تێکەڵ بەتورکی بوە وەك چۆن لەباشوردا لەکاتی قسەکردنماندا ئەبینی زۆر ووشەی عەرەبی بەکار دێنین ئەمەش بەتایبەت لە شارەکانی کەرکوك و خورماتوو خانەقین و ..تاد پتر کاریگەری لەسەریانە چونکە سالاٌنێکی زۆر بو زمانی شیرینی کوردی لێیان قەدەخەکرابو. بەهەر حاڵ خۆمان تا رادەیەك باشتر بوین بەلاٌم لەباکوری کوردستان کەر هەندێ ئاگامان لەرەوشی ئەوێ بێت ئاخاوتن بەزمانی کوردی سزای لەسەربو هەندێ لەم سالاٌنەی دوایدا باشبوو ئەگینا هەر بوت نەبوو بە کوردی قسەکەی. حەتمەن بەم کارانەی دوژمن دیخواست هەر زمانی کوردی بنبڕبکرێت و نەمێنێت نەیانزانی بۆیان نارواتە پێشەوە.

بێ گومان دەبێت بۆزمانی سکماکی خۆمان خاوەن هەڵوێست بین و ئەبێت بەو زمانە بخوێنین من خەم بۆ خۆم و هەزارەها وەك خۆم دەخوم کە نەمانتوانی بە زمانی دایك بخوێنین بەداخەوە ئێستاش هزرێك پەیدا بوە ماوەیەکە کوێم لێ دەبێت و دەڵێن زمانی کوردی معتەرەف نییە یان با زمانی عەرەبی بخوێنین چاکترە لەزمانەکەی خۆمان چونکە ئەو زمانە زمانی قورئانە. ئێستاش ئەمە بەزەقی ئەبینرێ ئەبینی منداڵەکانیان نانێرنە خوێندنگا کوردێکان ئەیانێرنە خوێندنگا عەرەبێکان وەك خۆیان ئەڵێن با موستەقبەلیان هەبێ.

بەهەرحاڵ مەبەستی سەرەکی من ئەوەیە بۆ هەموومان پێکەوە کارێکی وانەکەین ئاخاوتنە هەڵە کانمان راست نەکەینەوە چونکە لەزمانی کوردیدا زۆر قسە هەنە هەڵەیە ئەگەر ورد بیتەوە من لەم نوسینەمدا هەوڵدەدەم کە هەندێ لەو نمونانەتانە بۆ بهێنمەوە.ئێمە بەحوکمی ئەوەی بیرۆکەی پیاو سالاری زاڵە بەسەرمانەوە هەربۆیە تائێستا ئەو قسە هەلاٌنە هەر بونی هەیوە لە وانە بۆنمەونە گەر مرۆڤێك هەڵسێ بەئەنجامدانی کارێکی باش ئەڵێن و بەخوا کارێکی پیاوانەی کرد گەر ئەم کارەش

ڕەگەزی مێش بیکات هەردەڵێن بەڵێ (مەردە) ئەمەش هەرگیز نابێت بۆ ڕەگەزی مێ ئەو ووشەیە بەکاربێ چونکە ئەو ووشەیە تەنیا بۆ ڕەگەزە پیاو بەکاردێت بەلاّم لە چڤاکی کوردی خۆماندا ئەو ئاخاوتنە ڕۆژانە ئەوترێتەوە. ئاخاوتنێکی تری هەڵەی زمانی کوردی ئەویش ئەبینیت بە هەردوو ڕەگەز دەڵێن (مامۆستا) ئەم ووشەیە بۆ پیاو شیاوە بەلاّم بۆ ژن نەخێر چونکە ئەو ووشەکە خۆی بەزەقی دیارە تەنیا ئەبێت بۆ پیاو بەکاربهێندرێت کە چی بۆ ژنیش بەکاری دێنن.مامۆستا بە واتای مام وەستا دێتەوە ئاخر چۆن دەبێت ژن بکەیتە مامە؟ هەر نمونەیەکی تری لەو جۆرە بهێنینەوە زۆجار لەزاری کچان بیستومانە ناڵێن کچە هاورێکانمان ئەڵێن بردەرەکانم برادەرێش هەرگیز بۆ کچ ناشی بەهەمانشێوەی نمونەکانی تر هەر بۆ ڕەگەزی پیاو ئەو ووشەیە بەکاردەهێنرێت. ئەمەو چەندین نمونەی دیکەی زەق بەم شێوەیە دەبینرێت بەلاّم ئیدی نازانم کەس هەستی پێ ناکات یان خەڵکەکە خۆی بێ دەنگە لەهەمبەر ئەو قسەنەدا.

ئەمەش لەدەرئەنجامی ئەو هزرە پیاو سالاریە کۆنەوە هاتوە کە هەموو شتێك بۆ پیاو بەرەوا دەبینێ بەلاّم بۆ ژن نەخێر ئەبینی نەك تەنیا ئاخاوتنەکانمان بەڵکو ئەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری شتەکان بە هزری پیاو دروستبوون ژن هەرچەندە خودان هێزوو توانای خۆیەتی پسپۆرانیش ئەوەیان سەلماندوە پیاو ئەتوانی چی بکات ژن گەر لەو زۆر تر نەکات لەو کەمتر ناکات بەلاّم ئەوەیە ئیدی ئەبێنیت دەسەلاّتیش دەسەلاّتێکی پیاوسالاریە ئەو ژنانەش کە دەسەلاّتداربن هەر وەك و پیاو بیردەکەنە چونکە پیاو ئەوانی بونیاد ناوە ئەبینی باوەریەکی زۆری بەخۆی نییە یان زۆر دەرفەتی پێ نادرێ کە کارێکی وابکات خزمەت بە ڕەگزەکەی خۆی بکات ئەمە ژنانی ناو دەسەلاّت و ڕۆشنبیرەکان ژنانی ماڵێش وەك بیستومانەو دەڵێن ئیدی خودا وا ئێمەی دروستکردوە هەرواش دەبین و بەردەوام لەقۆرخبون و بێ ئومێدیدا ژیان دەکەن.

لەکۆتایدا هیوادارم پسپۆرانی زمان بتوانن زمانێکی کوردی یەکگرتوو دروستکەن ئەو زمانە لەسەرجەم پارچەکانی کوردستان بتوانین بیخوێنینەوە دواتر هەوڵ بدرێ کەئەو ئاخاوتنە هەلاّنە هەلگرین و بنبڕی کەین لەجێگەیدا بتوانین قسەی تر بکاربێنین ئیدی من لەم نوسینەدا وەك وەبیرهێناوەیەك ئەم نوسینە کورتەم نوسی بەلاّم دەبێت هەریەکەو لای خۆیەوە ئێستا بەدوا بتوانین خەبات بۆ ئەو مەبەستە بکەین بۆ ئەوەی زمانی شیرینی کوردی لەوە زیاتر نەشێوێنین...

www.abdullagermiki@yahoo.com